سودانی لە ڕۆژی جیهانی ئازادی ڕۆژنامەگەری: پشتیوانی خەمان بە ڕۆژنامەنووسان دووبات دەکەینەوە

ئەمە شەمە ،سەرۆک وەزیرانی عەراق، بەبۆنەی ڕۆژی جیهانی ئازادی ڕۆژنامەگەری رایگەیاند، "پشتیوانی خەمان بە ڕۆژنامەنووسان دووبات دەکەینەوە و هیوادارین ڕۆژنامەنووسان پیشەیانەو بابەتیانە کاربکەن".

 محەمەد شیاع سودانی، سەرۆك وەزیرانی عیراق، بەبۆنەی ڕۆژی جیهانیی ئازادیی ڕۆژنامەگەری پەیامەکی بڵاوکردەوە و رایگەیاند، ستایشی قوربانیدان و هەوڵەستی بەرپرسیارانەی ڕۆژنامەنووسان دەکەین لە چەسپاندنی بنەماکانی ڕۆژنامەگەریی ئازاد.

ئاماژەی بەوەشکرد، هیوادارن ڕۆژنامەنووسان پیشەیانەو بابەتیانە کاربکەن بەئەوەی کارکانیان دەربڕینەکی ڕاستەقینە بێت بە نهامەتیەکانی خەڵك و خواستەکانیان.

باسی لەوەشکرد، جەخت لە پشتیوانیکردنی سەرجەم ڕۆژنامەنووسان دەکەن و شانازیش بەوە دەکەن کە عەراق بە سیستەمە دیموکراتییەکەی، ئازادیی ڕادەربڕین بە دەزگاکانی ڕاگەیاندن دەستبەر دەکات.